# ژیانی منداڵان لەچەند وەستانێکدا




## Incest

ئاسۆ بیارەیی
سۆسیال سایکۆلۆژ
٣-٦-٢٠١٠ سوێد

# بەدواچون

دەستپێک

منداڵان بەهۆی کۆمەڵێک قەیرانەوە توشی کێشەی هەنوکەیی و دوارۆژی دەبنەوە کە کاریگەری تەواویان لەسەر دروستبوونی کەسێتیان لە ئایندەدا هەیە .Incest ئینسێست (پێوەندی سێکسی لەگەڵ ئەندامی خێزان، بڕوانە لەکسین)، یەکێکە لەو هۆکارانە کە منداڵان گرفتار دەکات و دوچاری کێشەگەلێکیان دەکات لە پێوەندییان لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیان و ئەو کەسانەی کە لێیانەوە نزیکن. لەو کێشانە، کێشەی دەروونی، کێشەی کەم خواردن و گوێ نەدان بە قسەی گەورەکان و لادان لەو پێوەر و نۆرمانەی کە بۆ نموونە خێزانێک هەیەتی.

دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان

پێناسە

بەشێوەیەکی سادە بریتیە لە کەڵک وەرگرتنی سێکسی لە منداڵێک کە هێشتا تەمەنی لە خوار حەڤدەوەیە. چونکە تا تەمەنی پێش هەژدە، مرۆڤ وەک منداڵ دێتە ناسین،(بڕوانە پێناسەی سوێد بۆ

منداڵان). ئەو ئاکارە (دەستدرێژی سێکسی) کە دژی منداڵان دەکرێت زۆرجار بەبێ ئاگای یان ڕەزامەندی قوربانیەکانی ئەو ڕەفەتارەیە،(مۆنیکا فارمەن 1993). واتە بەبێ ڕەزامەندی و تێگەیشتنی ئەو مندالەیە کە دەستدرێژیەکەی لێدەکرێت.

قوربانیەکان و دەستدرێژی سێکسی - ڕەفتاریان:
دەستدریژی سێکسی کۆمەڵێک کاریگەری لەسەر قوربانیەکەی بەجێ دەهێڵێت. لەوانە ترس، خەمۆکی، نیگەرانی، هەستکردن بە تاوان و شەرمکردن. زۆرجاریش قوربانیەکە توشی سەرسوڕمان دەبێت لەسەر ئەو دەستدرێژیەی کە دەرهەقی کراوە(**هەمان سەرچاوەلا 71**).

چۆنیەتی ئاشکرا کردنی دەستدرێژی سێکسی لەسەر منداڵ:
- قوربانیەکە لە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی خۆی پەراوێز دەکات و هەست بە باری خەمۆکی دەکات.
- هەندێ قوربانی بە دڵخوازی یان ئارەزوومەندانە دەیانەوێت لە گەورەساڵان نزیک ببنەوە، بۆ نموونە خۆ نزیککردنەوە لە مامۆستا.
- هەندێ قوربانی تووشی بێدەنگییەکی سەرسام دەبن و پێیان وایە کە هەموو گەورەساڵیک دەستدرێژی سێکسیان لەگەل دەکەن.
- زۆر لە قوربانیەکان هەستێکی بە گوناهبوون لە ڕەفتاریان دروست دەبێت و پێیان وایە ئەوەی کە ڕوی داوە تاوانی ئەوانە و کە ڕوداوێکی تر لە ژیانیان ڕودەدات بەتاوانی خۆیانی دەزانن،

نیشانەکانی( سیمپتۆمەکانی) دەستدرێژی سێکسی لەسەر منداڵان (لا 72 هەمان سەرچاوە) :

- قوربانیەکە تەنگەژەیی دەبینێت لە میزکردندا، یان نوێنەکەی تەڕدەکات.
- برین لە شوێنی کۆئەندامی زاوزێدا. مەبەست لەو شوێنەی کە لەشی ئازاری دراوە.
- ئازار لە سک یان زگئێشان کە ڕەنگە ببێتە هۆی نەخۆشی و پەشۆکایی ئانەرۆکسی(کەمخواردن) کە قوربانیەکە پێوەی بناڵێنێت.
- تووشبوون بە نەخۆشی هیپەرئەکتیڤ: وزەیەکی ڕادەبەدەر کە قوربانیەکە نەتوانێت خۆی لە کارێکدا(ترکیز) بدۆزێتەوە و تاسەر تەواوی بکات..
- گۆرانکاری لە باری خەوتنەوە. دەستدرێژیەکە دەبێتە هۆی کە قوربانیەکە خەوتنی لێتێکدەچێت و هەمێشە لە دڵەخورپەی ئەوەدایە کە دەستدرێژیەکە دوبارە دەبێتەوە.
- دڵپەرێشانی ، ساوگەرتی و ترسێکی زۆر، بە تایبەتی:-

1. تەنگەژەیی و ئاستەنگ لە ئەندازەی فێربوون، بەئاسانی شتی فیرنایێت.
2. تووشی بوون بە خوی دەسپەڕکردن و ناچاربوون پێوەی.
3. بایەخدان و سەرنجدان بەو یارییە سێکسیانەی کە لە تەمەنی خۆی نیە.
4. کونجکۆڵی( فزولیەت) ڕادەبەدەر بۆ سێکس و زانینی.
5. گیانی پەشێوی و جیابوونەوە.
6. ڕەفتاری گومڕاکردن و فریودانی کەسانی تر.

یەکێک لە توێژینەوەکان دەری خستوە کە ئەو گەورە مندالانەی کە دەستدرێژی سێکسیان بە مندالی کراوەتە سەر، لە کاتی وەرزشدا نایەنویت خۆیان لە بەردەم مندالانی دیدا بگۆڕن. ئەوەش بەهۆی شەرمکردن لەوەی کە نەبا پەلەیەکی شین دەرکەوێت کە ببێتە هۆی تەریق بوونەوە و شەرم.

کاریگەری ئینسێست (دەستدرێژی سێکسی) لە سەر کچان:

دۆز و کەیسەکە(کەیسی دەستدرێژی و ئینسێست) بۆ ئەو کچانەی کە دەبنە قوربانی پێوەندی سێکسی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا(Incest)، پتر دژوارتر دەبێ. ئەو کچانە زیاتر هەست بە گیانی لێپرسراوی دەکەن و هەندێ جاریش ڕۆڵی سەرپەرشتی خیزان دەبینن. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتی ئینسێسدا، واتە لە پیوەندی سێکسیدا سنورەکان لە نێوان خێزاندا دەسڕێنەوە و نامێنن. قوربانیەکە لیرەدا هەوڵ دەدات کە پارێزگاری نهێنیەکانی خێزان بپارێزیت، ئەو نهێنی پاراستنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوربانیەکە خۆی لە تێکەڵاویە کۆمەڵایەتیەکان بپارێزێت و دەبێتە هۆی گوشەگیر بوونی لە گەڵ چواردەورەکەیدا و لە ژێرگوشارێکی دەروونی چڕدا ژیان دباتە سەر.

لە تەمەنی هەرزەییدا قوربانیەکان جۆرێکی دی پیوەندی لە گەڵ هاوڕێکانی قوتابخانەیان دروست دەکەن و ئەوان دەکەن بەسەرچاوەی خۆ بەتاڵکردنەوەیان لە پیویستیە هەمەلایەنەکانیاندا (لەوانە پێویستی سێکسی). هەروەها خێزان وەک سەرچاوەیەکی گەرەنتی ژیانیان بەکاردەهێنن و لە هەمان کاتیشدا وەک تاقیگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی پێوەندیەکانیان ( بە

تایبەتی پێوەندی سێکسی) لەگەڵ گەورەکان بەکاردەبەن. لە خێزانە ئینسێتەکاندا، پێوەندیە کۆمەلایەتیەکان ئاراستەیەکی دی وەردەگرن، بۆ نموونە باوک هەست بە دڵپیسی دەکات و پێ ناخۆشە کچەکەی پێوەندی لەگەڵ کوڕێکدا ببستێت، یان ئەگەر هاوسەگیری پێکبهێنیت، چونکە خۆی بە خاوەنی دەزانێت.

لە شێوازی نوێی خێزاندا، کە لە باوە پیارە و باوەژن و یان پێکهێنانی خێزان لە نێوان دوو سەرپەرشتیاردا کە هەریەکەیان منداڵیان هەبێت و تێکەڵیان دەکەن، بەداخەوە ئاستی خوشەویستی و پیوەندی سۆزی باوکانە و دایکانە لە روی بایلۆژییەوە وەک یەک نیە، رودانی ئینسێست یان پێوەندی سێکسی لە نێوان هەمان ئەندامی ڕوو دەدات(بروانە هەمان سەرچاوە لا 75).

سەرژمێری دەربارەی دەستدرێژی سێکسی:
یەکێک لەو توێژینەوانەی کە لەسەر دەستدرێژی سێکسی لە سەر منداڵانی کچ لە ساڵی 1991 لەئەمریکا ئەنجامدراوە، ئەوەی پیشانداوە کە تەنهاڕێژەی 2،3% دەسدرێژی سێکسی لەسەر ئەو کچانە کراوە کە باوکیان بایلۆژین، بەڵام ڕێژەی دەستدرێژی لەلایەن زڕباوکەکان گەیشتوەتە ڕێژەی 34،5 %. ئەوە ئەو بۆچونەی سەرەوە دەسەلمێنت کە پێکهاتەی نوێیەکانی ئەمڕۆ خێزان، دیاردەی **Incest** ئینسێستی بەربڵاوکردوە. چونکە وەک باسکرا زڕباوک پێوەندی بایلۆژی لەگەڵ منداڵانی دیدا لاوازە و ئەو سۆزەی بە ئاسانی لا دروست نابێت کەلای باوکی ڕاستەقینە هەیە، بڕوانە لا 75 هەمان سەرچاوە).

لەیەکێک لە تویژنەوەکانی سوێد(فەرمانگەی سۆشیال 1991) لە گومانی دەستدرێژی گشتی بە دەستدرێژی سێکسیشەوە بۆ سەر منداڵان ئەم ئەنجامەی خوارەوە دەستەبەرکراوە:

1. ڕێژەی دەستدرێژی لە سەر منداڵ لە نێو خێزاندا( باوکی ڕاستەقینە، زڕباوک، هاوسەر نافەرمی یان زڕدایک، خوشک و برای گەورە) گەیشتوەتە 57%.
2. ڕێژەی دەستدرێژی لە سەر منداڵ لە لایەن دراوسێ و ناسراوی نزیکی خێزانەوە 23%.
3. ڕێژەی دەستدرێژی لە لایەن خزمانەوە 14%.
4. ڕێژەی دەستدرێژی لە منداڵ لەلایەن کەسانی بێگانەوە 6%.

مۆنیکا(1993) پێی وایە ئافرەتان بەدەگمەن دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵان، زۆربەی دەستدرێژیەکان لەلایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت. رێژەی لە 49% ی پیاوان دەکەونە خانەی ئەو دەستدرێژیانەوە کە لەسەر مندالان دەکرێن(هەمان سەرچاوە). لە هەمان کاتیشدا لەبیر نەچێت ژنانیش هەندێ جار وەک یاریدەدەر هاوکاری پیاوان دەدەن لە دەستدریژی سێکسی بۆ سەر منداڵان.

سەرهەڵدان و دروستبوونی ئینسێت Incest

سەرهەڵدانی ئینسێت بەندە بە فاکتەرگەلێکەوە، لەوانە:

- کەسێتی سەرپەرشتیاران (باوک و دایک).
- پێوەندی نێوان سەرپەرشتیاران(باوک و دایک).
- بارودخ یان هەلومەرجی خێزانەکە.

- ئەو گۆڕانکاری و قەیرانانەی کە ڕوبەڕوی خیزانەکە دەبنەوە.

شێواز و نەخشەگەلی ئینسێست لە خێزاندا
وابەستەیی و باڵادەستی:-

لاوازی کەسێتی پیاوەکە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوسەرەکەی بە چاوێکی کەمەوە سەیری بکات و تاڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتی بەسەریدا بشکێتەوە و باڵادەست بێت. ئەو نایەکسانیە لە دەسەڵاتدا لە نێوان دوو هاوسەردا، وا لە پیاوەکە دەکات کە لە زۆربەی لایەنە ژیانەیەکانی ڕۆژانەیەدا زیاتر بە ژنەکەیەوە وابەستە بێت. لە هەمان کاتیشدا ئەو پاشکۆییە دەبێتە هۆی لاوازی پێوەندی سێکسی لە نێویاندا و ژنەکەش لە ئەنجامدا ماندو دەبێت و خۆی لێ دورەپەرێزدەکات یان دەکشێنێتەوە. ئەو بارە ناهەموارە و ساردەی نێوان(پیاوەکەو هاوسەرەکە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاوەکە خۆی لە کچەکەی نزیک بکاتەوە و جوت بێت لەگەڵیدا (وەک تاکی خۆی سەیری بکات) و دواجار پیوەندێکی بەهێزی شاراوە لە نیوانیاندا دروست ببێت،(هەمان سەرچاوە لا 76).

- هەستی خاوەنداریەتی

ئەم شێوازە لەو خێزانانەدا دەردەکەوێت کە پیاوەکە خۆی بە خاوەنی خێزانەکەی دەزانێت و کۆنترۆڵی تەواوی هەیە لەسەر ژن و کچەکەی. بیانوی پیاوەکە لەڕوی ڕەفتاری سێکسی لەگەڵ کچەکەیدا ئەوەیە کە بەو شیوەیە بتوانێت خزمەتی بکات و دوارۆژی مەیل و ئەزمونی سێکسی و بۆ ئاسانتر و دەوڵەمەندتر بکات.

- وابەستەی دوو لایەنە

هەردوو هاوسەرەکە وابەستەیی تەواویان هەیە بەیەکترەوە بە جۆرێک کە هەردوو لا چەسپابن و لە هەمان کاتدا هێچیان توانی تێرکردنی پیویستیەکانی ئەوی تری نیە. ئەو جۆرە هاوسەرانە ڕەنگە لە سەردەمی منداڵیدا دەستدرێژی سێکسیان لەسەر کرابێت، لێرەدا منداڵەکانیان دەبنە قوربانی و بە وان خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە و پێویستیان تێر دەکەن، (هەمان سەرچاوە لا 78).

**تێبینی/ پێناسەی ئەو سێ شیوازە خێزانەی سەرەوە کە ئینسێست تێدا روودەدات، تا ڕادەیەکی زۆر لە لە پیناسەی فەرمانگەی حزمەتگوزاری کۆمەلایەتی سویدەوە(بڕوانە لینکی کۆتایی، ساڵی ، 1991) وەرگێراوە و مەرج نیە تەنها ئینسێست لە ناو ئەو جۆرە خێزانانەدا ڕوبدات.**

خەسڵەت و هێڵە سەرەکییەکانی ژیانی خێزانە ئینسێستەکان:

**سەرسەرختی و پیوەندگەلی وشکی ئەو خێزانانە لەگەڵ جیهانی دەروەیاندا:** لەبەر ئەوەی سنوری پێوەندیەکان لە ناو ئەندامانی ئەو جۆرە خێزانانەدا دیار نیە و پێویستیە سۆزدارەکانیش لە هەمان خیزاندا تێر دەکرێت، ئەو خێزانانە ناتوانن پیوەندییێکی کۆمەلایەتی دروست و تەندروست لە گەڵ گیتی(جیهان) دەروەری خیزانەکەیاندا ببەستن. مەبەست بۆ نموونە پیوەندی نیوان باوک و دایک و منداڵەکانیانیان دیار نیە. کێشەی ئەندامانی ئەو خێزانانە لەوەدایە کە خودێکی پتەویان وەک مرۆڤ نیە و ناتوانن

پیویستیەکانیان لەدەروەی ئەندامانی خێزانەکانیان ببین و کۆنترۆڵی (پیویێستی سێکسی) خۆیان بکەن.

یەکێک لەو پرسیارەی کە دێتە کایەوە ئەوەیە کە بۆچی ئەو سەرپەرشتیارانەی(باوک و دایکانەی) کە هەردووکیان بەشدارن لە کاری ئینسێست، بەردەوام ئەو ڕەفتارە دووبارە دەکەنەوە ؟ توێژینەوەکان ئەوەیان نیشانداوە کە ئەو دایک و باوکەی ئەو کارە دەکەن زۆرجار خۆیان لەو کەسانە دەدۆزنەو کە هەمان بەسەرهاتیان هەیە و زۆر جاریش لە پێشینەی پەروەردەییان و باری خێزانیان نەیتوانیوە پێداویستیەکانیان لە سۆز و ئەوین تێربکەن، ناچار منداڵەکانیان دەکەنە سوتەمەنی حەزەکانیان. هەندێ جاریش ئەگەر چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو دیاردەو ئاکارەی ئەو جۆرە باوک و دایکە نەدۆزرێتەوە، دورنیە بە میرات بۆ نەوەکانی دییان بەجێ نەمێنێت(هەمان سەرچاوە لا 79):
لە ڕودانی دیاردەی ئینسێست، پێوەندی نیوان دایک و کچ و پێوەندی نێوان باوک و دایک تێکدەچێت و زۆر جاریش دایک دەکەوێتە دەروەی بازنەی پیوەندی نێوان باوک و کچکەوە. کچکە دەکەوێتە پێشبڕکێ لەگەڵ دایکیدا دەبێتە نەیاری. هەندێ جاریش تێکچوونی ئەو پێوەندییەی نێوان کچ و دایک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کچکە ئیدی ناتوانێت بروا بەدایکی بکات بەرامبەر دەستدرێژی سێکسی باوکی. دایکەکە بێ دەسەلات دەکەوێتە نیوان میردەکەی و کچکەی و نازانێت چی بکات. بۆ نموونە ئایا سکاڵا لەلای پۆلیس بکات، ئایا باری ئابوری دایکەکە چۆن دەبێت ئەگەر بریاری جیابوونەوە بدات چی بەسەر دێت. ئەوەی کە مەتریسیدارە ئەوەیە، وەک ئاماژەی پێدرا، نەمانی سنووری خێزان و ڕۆڵی باوک و دایک و منداڵان. کە

ئەو ڕۆڵەش نەمان دۆخی کاوس(پاشاگەردانی) دێتە ژیانی خێزانەکەوە و خشتەی ژیانیان تێ دەچێت. لێرەدا مندالانی ئەو جۆرە خێزانانە ناتوانن چارەیەک یان تێڕوانینێکی گونجاوە بدۆزنەوە و دەبنە قوربانی. ئەندامی خێزانی وا دەکەونە داوی کۆمەڵێک پێوەندی ئاڵۆزەوە کە ڕزگاربوون لێیان ئاسان نابێت (هەمان سەرچاوەلا 80).

## ئاکام و کاریگەری ئینسێست لەسەر منداڵان:

- ترسێکی گەورە بەرامبەر ڕەگەزی جیاواز: ئەو منداڵانەی کە ڕوبەڕوی ئینسێست دەبن ترسێکی گەورەیان لا دروست دەبێ کاتێ دەیانەوێت مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بکەن. لە هەمان کاتێشدا پێوەندی کۆمەڵایەتیان بەگشتی لاواز و هەژار دەبێت. ئەو قوربانیانەی کە چارەسەریان بۆ نەکراوە، توشی خۆ بە کەمزانین، هەست بە گوناهکردن، هەست بە تاوان و کەسێتی لاوازیان دەبێت و هەست دەکەن کە هیچ کەڵکێکیان نیە.

- بێ بڕوایی و بێ ئومێدی: لەبەر ئەوەی سەرپەرشتکاران(باوک و دایک) ڕۆڵی خۆیان وەک سەرپەرشتکار و بەرپرسی سەرەکی لە کاتی ئینسێستدا لەدەست دەدەن و ئەو سنوورە دەبەزێنن کە باوک و دایکن، منداڵەکانیان ئەو بڕواو ئومێدەیان پێ نامێنێت و تاگەورەش دەبن هەر لەسەر ئەو دۆخی بێ بڕواییە دەمێننەوە.

- لە بەر ئەوەی سەرپەرشتکاران(باوک و دایک) پێوەندییێکی نزیک و بەندێکی سۆزانەیە هەیە لەگەڵ منداڵەکانیان بە یەکەم کەسی نزیک دەژمێردرێن، کاتێک دەستدرێژی سێکسیان لەسەر دەکرێت یان، توشی ئینسێست دەبن، پتر کاریان لێ دەکات.
- تا پیوەندییەکان لە نێوان قوربانی و دەستدرێژیکەر نزیکتر بێت، زیانەکەش کاریگەر تردەبێت(هەمان سەرچاوە لا 80). لە ڕاستیدا دەبیت باوک و دایک ڕێپشاندەربن بۆ منداڵەکانیان و پیویستیە هەنووکویی و داهاتوەکانیان بەدی بهێنن و تێربکەن. دەبێت کاری ڕاست و هەڵەیان پێشان بدەن و بوونیان بسەلمێنن. کاتێکیش دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵەکانیان ئەو ڕۆڵە لە دەست دەدەن و لە هەمان کاتیشدا منداڵەکانیان تووشێ دڵەخورپە و شۆک دەکەن.
- هەستی بێ دەسەلاتی، تەنیایی و خۆ بەکەمزانین دوای ڕودانی ئینسێستدا، کاردەکاتە سەر پێوەندی قوربانیەکە(منداڵەکە)، بۆ نموونە یاری کردنی لەگەڵ منداڵانی تردا. هەندێ جار ئەو جۆرە منداڵانە هەمیشە حەزیان لە دەستبازی سێکسییە و ئەو یاریانەی کە پێوەندییان بە سێکسەوە هەیە لای ئەوان جێی سەرنجە( هەمان سەرچاوە لا 81). ئەوەش کێشەیان لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنیان بۆ دروست دەکات. هەندێ منداڵیش نا خوازن تێکەڵی و یاریان لەگەڵدا بکەن.

---

بۆ ئاگاداری:-

ئەم بابەتە لە کتێبی منداڵ لە قەیراندا وەرگیراوە(Barn i Kris) و هەندێ لە تێکستەکانی لەبەر گرنگی یەکسەر لە سوێدییەوە وەرگێراونەتە سەر کوردی. Barn i Kirs, Monica Farman, 1993 Sverige

http://www.barnombudsmannen.se/Standardsida_2008.aspx?pageidبۆ=42